

# هیگڵ و فەلسەفەی مێژوو

د. كریم مجتهدی.................. وەرگێڕانی : رۆژان سەیفور

..............................................................................................................

هەندی لەنوسەرانی مێژووی فەلسەفەی سەردەمی نوێی رۆژئاوا، هەندێ كات هێگڵ بە یەكێك لە دوانوسەرەكانی ئینسكلۆپیدیا[١] لەسەر ستایڵی سەدەی هەژدەیەمی زایینی دادەنێن. ئەگەر مەبەستی ئەوان ئاماژە بۆ بەربلاوی زانیاریەكانی هیگڵ لەبوارە جیاوازەكانی وتەی بیركاری و ئەستێرەناسی و فیزیاو مێژوو و یاساو زانستە ئاینییەكان و ...هتد بێت، رەنگە بتوانرێ وتەی ئەوان بەنزیك لەراستی دابنرێت، بەلاّم ئەگەر مەبەست ئەوەبێت كە بیركردنەوەی هیگڵ هاوشێوەی بیركردنەوەی نوسەرانی ئینسكلۆپیدیایە هەڵبەت وتەی ئەوان بەهیچ شێوەیەك شیاوی وەرگرتن نیە.

زۆربەی نوسەرانی ئینسكلوپیدیا بڕوایان بە جۆرێك لەبیركردنەوەی زانستی و میتۆدی (رەسەنێتی سروشت) هەبوو، لەم جۆرە بیركردنەوە فراوانەدا ناسینەوەی زۆر لە رووی چۆنایەتیەوە شیاوی باس بوو و هەوڵ دەدرا بەهۆی شێوازەكانی زانستی ناسراوەوە زیادە

بخرێتەر سەر سنوری زانیاریەکانی مرۆڤ، بەبێ ئەوەی کە لەپشتیەوە هەڵێکی تر بۆ عەقڵ وێنابکرێت.

زۆربەی نوسەرانی ئینسکلوپیدیا کۆك بوون لەسەر پێویستی ئەزموونکردنی بابەتەکان و خستنەڕووی بابەتی بنەڕەتی لێکۆڵینەوەی ئیستقرائی-شیان بەپێویست نەدەزانی، لەم ڕووەوە کاری ئەوان هیچ لێکچوونێك بەشێوەیەکی کەم نەبێت لەگەڵ کاری هیگڵدا نییە، سەبارەت بەهیگڵ دەستەواژەی ئینسکلوپیدیا لەکاتێکدا دەتوانرێ بەدروستی بەکاربرێ کە هەموو فەلسەفەکەی بەجۆرێك لە ئینسکلۆپیدیا دابنرێ، ئەویش نەك بەمانای کۆمەڵێك لەزانیاریەکان، بەڵکو ئەو فەلسەفەیەی بەوشێوەی کە هیگڵ دەریخستوە وەك پێویستیەك پەلوپۆ دەهاوێتە ناو هەموو بەشەکانی زانستی مرۆییەوە و بنەماکانی لەواقیعیەتی بابەتەکاندا بە بەرجەستەبوو ناوزەد دەکرێت، فەلسەفەی هیگڵ لەهەمانکاتیشدا (بوونناسی)[٣] یەو هەمیش (خوداناسی)[٤] هەم (لۆجیك) هەم (میتافیزیکا) هەم (دەروونناسی) هەم (کۆمەڵناسی) هەم (زانستی جوانی) هەم (مێژوو) هەم زانستەکانی ترە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەم پێشەکیە روونە کەبیروبۆچونەکانی هیگڵ لەبارەی دەرکەوتە مێژووییەکان نەك تەنیا بەشێکە لەفەلسەفەی ئەو، بەڵکو بەواتایەکی تر وەك فەلسەفەکەی ئەوە، لەدیدگای ئەوەوە ڕووداوە بەروخسار لاوەکیە مێژووییەکان لەراستیدا نمایشکەری ساتێکن لە گەڕانەوەی دیالێکتیکی رۆح کە لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا بەرجەستەئەبن.

بەو مانایە دەتوانرێت تەواوی بەرهەمە بنەڕەتیەکانی هێگڵ بە جۆرێك لە فەلسەفەی مێژوو لەقەڵەم بدرێن و ئەم بابەتە نەك تەنیا لەبارەی کتێبی فینۆمینۆلۆژیای رۆح[٥] بەڵکو لەبارەی کتێبی لۆجیکەکەشیەوە هەر دروستە، چونکە لە دیدگای ئەوەوە بیرکردنەوەی لە لۆجیکی مێژوویی شیاوی جیابوونەوە نیە، ئەگەر هەبوون، سوڕانی بوون و گەڕانەوەیە، بیرکردنەوەیەك کە گرنگی بەهەبوون دەدات لەخودی گەڕانەوەدا قوڵدەبێتەوە و بەناچاری خۆیشی گەڕانەوە بۆ دواوە قبوڵ دەکات لەوگەڕانەوەدایە کە ئەمری واقیع و ئەمری مەعقولیش واقعی دەبێت.

واتە ئەگەر عەقڵ واقیعەت مەعقول بکات و ئەمری واقیعیش هەردووکیان لە بووندا بەرجەستەدەبن و لەدەرەوەی ئەوە شیاوی وێناکردن نین، بێگومان لەوساتەوەی کە لۆجیکی

هیگڵی لەزەینیدا شکڵی گرتووە، ئەم ئاگاییەش "هەبوو"ە کە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان بەشێوەیەك کە جێگەی بایەخی ئەو "بووە" بەناچاری بەرەوتێڕامان لەرووداوە مێژوویی یەکاندا دەڕۆن، بەڵام دەبێت بزانرێت کە زیاتر لەساڵی ١٨٢٢ ی زایینی بەدواوەیە هیگڵ بەشێوەیەکی راستەوخۆ رووداوە مێژوویەکانی خستۆتە بەر لێکۆڵینەوەی وانەکانی خۆیەوە و بەبیروبۆچونەکانی خۆی راستەوخۆ گرنگی بەشیکردنەوەی فەلسەفی روداوە مێژوویی یە مۆدیلٚ جیاوازەکان داوە، کتێبێك کە ئەمڕۆ لە ژێر ناوی چەند وانەیەك سەبارەت بەفەلسەفەی مێژوو لەهیگڵ ماوەتەوە لەو بەرهەمانەیە کە شەش ساڵ دوای مردنی فەیلەسوف، واتە لەهەشتی مانگی جونی ١٨٣٧ی زاینی، لەلایەن ئیدوارد گانیسەوە[٦] کە یەکێکە لەقوتابیەکانی -بەپێی یاداشتەکانی لەوانە جیاوازەکانی ئەوەوە لەبارەی مێژووەوە- بۆ یەکەمجار بلاّویکردۆتەوە و دواتر کارل هیگڵ کوڕی فەیلەسوف بەلابردنی کەموکوڕییەکانی چاپی یەکەم و زیادکردنی چەند بەشێکی تر -کە لە دەقە یاداشتکراوەکانەوە مابووەوە- کتێبەکەی دووبارە لەساڵی ١٨٤٠ دا لەچاپداوەتەوە، هیچ کام لە بەرهەمەکانی هیگڵ بەئەندازەی ئەم کتێبە نەبووە جێگەی سەرنجڕاکێشانی زۆرینەی خەڵك.

زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەوکاتەوە ویستویانە بەشێوەیەکی کورت ئاشنای بیروبۆچوونەکانی ئەم فەیلەسوفە بن و ڕەنگە لە بەڵگەهێنانەوەکانی خۆیاندا لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتی سوودیان لێوەرگرتبێت زیاتر سودیان لەخوێندنەوەی ئەم کتێبە وەرگرتووە و ئەم بابەتە تەنانەت بۆ ئەمڕۆش دروستە.

بەوپێیەی کەئاماژەی بۆ کرا ئەگەر دانی پێدابنێین کە بەهێزبوونی لۆجیکی هیگڵ تەنیا لەم لایەنەوە نییە کە گرنگی بەگەڕانەوەی "هەستی" دەدات، بەڵکو لەم لایەنەشەوەیە کە گەڕانەوەی هەستیش لەخۆیدا بەتەواوی لۆجیکی و دیالیکتیکییە، بەناچار دەبێت قبوڵی بکەین کە **(ئیپستمۆلۆژیا)**[٧] بەمانایەك شیاوی کرانەوەیە بەڕووی ( بوونناسی) و ئەم بابەتە لەبارەی هەر ناسینێکەوە بڕواپێکراوە، هیگڵ لەبارەی ناسینی رووداوە مێژووییەکاندا شتێك نیە جگە لە هەوڵدان نەبێت بۆ بەدەستهێنانی پێویستی لۆجیکی ئەم رووداوانە.

هیگڵ لەپێشەکی دا هەوڵ دەدات کۆکردنەوەی فەلسەفەی تایبەتی خۆی لە بابەتە مێژووییەکانەوە بخاتەڕو و بنەمای شێوازی لێکۆڵینەوەی خۆی دیاری بکات، بەو مەبەستەوە شێوازە جیاوازەکانی نوسینەوەی مێژوو لایەنە دژەکانی ئەوان لەگەڵ ئەو شێوازە تایبەتیەی خۆیدا بخاتە بەردەم لێبوردنەوە.

بەڕای هیگڵ لە سێ لایەنەوە دەتوانرێت مێژوو سەیربکرێت: یەکەم بەشێوەی سروشتی و دووەم بەشێوەی تێڕامان، سێیەم بەشێوەی فەلسەفی ئەو مێژوونوسانەی کە بەشێوازی یەکەم ڕووداوە مێژووییەکان دەکەنە جێگەی سەرنجدانیان، لەڕاستیدا کەسانێکن کە تەنیا لەڕوانگەی خۆیانەوە دەکەونە نوسینەوەی ڕووداوەکان ئەمانە زیاتر خۆیان شایەتحاڵی ڕووداوەکان بوون و بەشێوەیەك کەوتونەتە وەصفکردنیان.

بۆ نموونە دەتوانری هیرۆدۆت [٨] و توسیدید بە گروپی یەکەم بزانرێن، کاری ئەمان لەلایەنێکەوە هاوشێوەی کاری شیعرە، واتە هەر بەو شێوەیە کە شاعیر هەوڵ دەدات لەسەربنەمای بابەتی هەست و بەسوود وەرگرتن لەزمان و فەرهەنگی سەردەمی خۆی وێنایەکی نوێ دروست بکات، ئەم جۆرە لەمێژوونوسانیش هەوڵیان داوە کە ڕووداوە دەرەکی و بەرچاوەکانیش بخەنەسەر شێوەی وێناکردنی زەینی خۆیانەوە، هەڵبەت بێگومان تەنانەت کاری ئەم جۆرە مێژوونوسانە بەشێوەیەکی تەواو بەبێ پشتبەستن بەپەیام وگێڕانەوەکانی خەڵك نەبووە، چونکە بەهەر ڕێگەیەك بێت بۆ تاکێك ڕێك ناکەوێت کە لە هەمانکاتدا شایەتی هەموولایەنەکانی ڕووداوێك بێت، بەڵام بە هەرحاڵ ئەوان گرنگیان بەڕووداوێك داوە کەهاوکات و یان زۆر نزیك لەسەردەمی ژیانیان بووە، لەبەرهەمەکانی ئەم مێژوونوسانەدا ڕووداوەکان ماناکانیان نەبووە جگە لەوەی کە مێژوونوسان خۆیان مانایان پێداون.

مێژوونوس ئەوشتەی دەربڕیوە کە خۆی کەم تا زۆر لەرودانیدا هاوبەش و هاوڕی بووە و لەئەنجامدا نەیتوانیوە لەقەڵەمڕۆی سنورداری خۆی سنور ببەزێنی و بێگومان لەڕووداوە جیاجیاکان وێنایەکی دروستکردووە کە ڕەنگە نەبوو ببێتە جێگەی بایەخپێدانی ئەوانەی دوای خۆی، ئەمجۆرە لەمێژوونووسان پێویستیان بەبیرکردنەوە و تێڕامانێکی تایبەت نەبووە، چونکە لەئاسایشی شوێن و سەردەمی خۆیان بێبەش لەبیرکردنەوە نەبوون و زۆرینەی ئامانجە

ئەخلاقیەکانی خۆیانیان وەك بابەتە مێژووییەکانیان دەربڕیوە، ئەمان لە بەرهەمەکانی خۆیاندا فەرهەنگ و خۆزگەکانی هاولاتیانی خۆیان و پێگە سیاسیەکەیان باسکردووە، لەسەردەمی کۆندا ئەم جۆرە مێژوونووسانە یان سەرداری گەورەبوون، یان بەهەرحاڵ پلەیەکی کۆمەلایەتی فەرمی تریان هەبووە.

جۆری دووەم ئەومێژوونوسانەن کە مێژوویان لەسەر بنەمای تێرامان و ئەندێشە خستۆتە بەرچاوەوە، هەوڵی هەموو ئەوانە بەشێوەیەك بەرزتر لەسەردەمی ئێستا بووە، گروپێك لەمان وەك مێژونوسانی جۆری یەکەم، رووداوە مێژووییەکان کە ئەویش زیاتر رووداوی شەڕبوون وەها روونیان کردونەتەوە وەك ئەوەی کە خۆیان شایەتحاڵ بووبن، بەلاّم گروپێکی تر دیدگایەکی تایبەتیان هەبووە جیاواز لە دۆخی زاڵ لە رووداوە مێژووییەکاندا، هەندێکی تر لەوان لەگەڵ ئەوەی رووداوی جیاواز و دژیان باسکردووە، هاوکات پەیوەندی نێوان ئەم رووداوانە لەزەینیاندا بەشێوەی تاك بەرقەرار بووە.

ئەم جۆرە لەکتێبە مێژووییەکان بەزۆری لایەنی ئەخلاقی هەیە و ئاساییە تیایاندا وەك نموونە سوود لەسەرکەوتن یان شکستی نەتەوە یان بنەماڵەیەك وەرگیراوە.

ئەمانە هەوڵیان داوە کە ئەزموون لە رووداوە مێژووییەکان وەربگرن و لەم ئەزموونەش ئەنجامێك وەربگرن و ئەوەش لەشێوەی ئامۆژگاری بدەنە خوێنەرە گریمانەییەکانی بەرهەمەکانیان یاخود ئەوانەی دوای خۆیان دێن.

هەندێکی تر لایەنی رەخنەییان داوەتە لێکۆڵینەوەی خۆیان و لەناوباسکردنی رووداوەکاندا حاڵی پیاوانی سیاسی و کۆمەلایەتی و سەرکردە لەشکریەکان و نوێنەرایەتی ئایینیان باسکردووە و رەخنەیان لە رەفتاروکردار و رەنگە بیروبۆچونیان گرتبێت، دیسان کۆمەڵێکی تر دیدگایەکی گشتگیری دیاریان هەڵبژاردووە و روداوەکانیان بەپێی ئەم دیدگایە هەڵسەنگاندووە، واتە لایەنێك لەرووداوی مێژوییان لەبەرچاو گرتووە و رویان لەخوێندنەوەی شێوازی گۆڕانی بابەتێکی تایبەت وەك ماف و ئایین کردووە.

جۆری سێیەم مێژوونوسانێکن کە لەدیدی فەلسەفییەوە لەمێژوو دەڕوانن و لەراستیدا شێوازی کاری گروپی پێشوو تەواو دەکەن، چونکە بەهەر رێگەیەك بێت فەلسەفە تێرامان

وبیرکردنەوەیە، هەرچەندە ناتوانرێت هەر تێڕامانێك بەفەلسەفە دابنرێت، بەهەرحاڵ لەبابەتە مێژووییەکاندا لەچاو ئەواندا قوڵتر راکانیان دەردەبڕن.

ئاساییە کە بایەخی سەرەکی هیگڵ زیاتر بۆ جۆری سێیەمی مێژوونوسییە و بە دڵنیاییەوە نەك تەنیا وەرگرتنی دروستی رووداوە مێژووییەکان بەبێ بیرکردنەوەی فەلسەفی بەلێهاتوویی نازانێت، بەڵکو بابەتی سەرەکی خۆی لێرەوە دەست پێدەکات.

بەڕای هیگڵ بیرکردنەوەی مرۆڤ ئینکاری لێناکرێت و هەرئەمەشەخاڵی ئیمتیازیەتی لەچاو ئاژەڵدا، لەفەلسەفەی ئەودا بەهەرشێوەیەك کە بابەتێك لەبارەی مرۆڤەوە باسبکرێت پێویست بووەکە بابەتێك لەبارەی بیرکردنەوەشیەوە باسبکرێت، هەڵبەت ئەم بیری مرۆڤایەتی یە لە مێژوودا بەئاشکرایی شوێنکەوتەی رووداوەکان و راستیەکانە، لەحاڵەتێکدا کە لەفەلسەفەدا بیرکردنەوە ئازادە و دەتوانی بەبێ لەبەرچاوگرتنی رووداوە واقعیی و هەبووەکان بەدواداچوون بکات، بۆیە بەگومانی ئەو دوو رەهەندی جیاوازی لەبیرکردنەوە لەمێژووی فەلسەفەدا پەیداکردووە بۆتەهۆی ئەوە کە ئەم دوانەیە بەتەواوی جودالەیەك لەقەڵەم بدرێن، لەحاڵەتێکدا کەلەراستیدا وەهانی یە و هەوڵەکانی ئەو جێگیری دژایەتی ئەم رایەو پیشاندانی ئەو بابەتەیە کە عەقڵ فەرمانڕەوایە لەسەر جیهان و مێژووی جیهانیش لەئەنجامدا مەعقولە ،بڕوا بەوە کە عەقڵ فەرمانڕەوابێت لەسەر جیهان لەلای فەیلەسوفەکانی سەردەمی کۆندا لەسەردەمی ئاناکساکۆر[١٠] بەدواوە هەبووە.

زۆربەی ئەوان جگە لەئێپیکیورس[١١] بڕوایان بە هەبوونی پێکدادان لە کاروباری جیهاندا نەبووە و تەنانەت کاتێك کە سوقرات رەخنە لە رای ئاناکساگۆرس دەگرێت مەبەستی رەدکردنەوەی بنچینەی وتەکەی ئەونی یە، بەڵکو مەبەستی ئەو پیشاندانی ئەو مەبەستەیە کەرەنگە ئەو بنچینە ناگونجاوە بۆ بەکاربردنی لەکاروباری سروشتدا پێکداچووە.

لەئاینەکانیشدا بڕوا وایە کەجیهان روگەو ئامانجێکی هەیەو بە مەبەستێکی تایبەت خولقێنراوە و ویستی ئیلاهی لە کاروباریدا دەستێوەردان دەکات، بەلاّم بەرای هیگڵ نەك فەیلەسوفەکانی سەردەمی کۆن و نەك بەویستی ئیلاهی بەکردار نەیانتوانیوە رێك بڵێن

مەبەست لە عەقڵێك كە فەرمانڕەوایە لەسەر جیهان چی یەو یان ئامانجی جیهان كامەیانە، هیگڵ لەبارەی ئەم كێشەیەوە بەبیردێنێتەوە كە جیهان هەم هەڵگری سروشتە بەمانای ماددی ووشەكە و هەمیش هەڵگری سروشتە بەمانای رۆحانی وشەكە و لەگەڵ ئەوەدا كەسروشتی ماددی لەگۆڕانی مێژووی جیهاندا بەشدارە، ئەوەی كەلەم رووەوە لایەنی سەرەكی و جەوهەری هەیە رۆح [١٢] و گۆڕانیەتی.

لەڕووی مێژووی جیهانەوە، سروشتی ماددیش ئەبێ لەبەرامبەر رۆحدا هەڵسەنگێنرێت، چونكە رۆح كە لەمێژوودا واقیعەتی چونەناویەك پەیدادەكات، لێرەوە مێژوو شوێنی گەڕانەوەی رۆحە و چونكە جەوهەری رۆح ئازادی یە بۆیە مێژوو پۆلێنێك لە قۆناغە جیاوازەكانی بەرجەستەبوونی ئازادی یە. لەفەلسەفەی هیگڵ دا مادده لەسەر خودی خۆی نەوەستاوە و جەوهەریەتی نییە و پشت بەرۆح دەبەستێت، لەحاڵەتێكدا رۆح لەسەرخۆی وەستاوە و جەوهەریەتی هەیەو هەر ئەمە ئەبێتەهۆی ئەوە كە حەقیقەتی ئازادی یە.

بەرجەستەبوونی هەنگاو بەهەنگاوی ئازادی لەرێڕەوی مێژوودا لەهەمانكاتدا و پێویستی بەرجەستەبوونی هەنگاو بەهەنگاوی ئاگایی و هەستە، واتە بە رای هیگڵ لەراستیدا مێژووی جیهان مێژووی رۆحە، لەم رووەوە كە رۆح هەوڵ دەدات، وشیاربێتەوە لەخودی خۆی و بەشێوەی دیالێكتیكی مێژووی جیهان قۆناغە لۆجیكی یەكانی پێشكەوتنی هەست و ئازادی وێنادەكات، لەزەینی هیگڵ دا چەمكی ئاگایی و هەست بەنزیكی لەگەڵ چەمكی ئازادی دا هاومانایە (مورادیفە)، چونكە مانای ئازادی بەرای ئەو شتێك نییە جگە لەئاگایی لەخود و هەستكردن بەخود و ئەمەش لەهەمانكاتدا تایبەتمەندێتی سەرەكی رۆحە و هەم ئامانج و كۆتاییەك كەجێگەی بەدواداچوونی ئەوە، ئازادی رەهاو ئاگایی تەواو ئامانجی رۆح و لەئەنجامدا ئامانجی مێژووی جیهانەو ئەمە ئامانجی ئەوشتەیەكە (رۆحی رەها) چاوەڕی ی دەكات لە مرۆڤ و لە جیهان و جیهان بەویست یاخود نەویستی بەرەو ئەولایە دەڕوات.

هەڵبەت ئەبی بزانری كە ئازادی و ئاگایی بەپشت بەستن بە هۆكارەكان بەرجەستەدەبی و لەناوەوە بۆ دەرەوە دەگوێزرێتەوە، تیڕامان لەم (هۆكارانەدا)یە كە ئێمە روبەروی دەركەوتە مێژوی یەكان دەكاتەوە، ئازادی و ئاگایی لەرووپەكەوە یەك لایەنە دەروونی یەو كایەی رێڕەوی

(هۆکارەکان) کە ئازادی و ئاگایی دەردەکەوی و واقیعیەتی دەرەکی وەردەگری، تێڕامان لەڕووداوەمێژوویی یەکاندا، بەناوی دەرکەوتە چونەناویەکەکانەوە، نەك تەنیا پابەندی لەبەرچاوگرتنی دولایەنی (خودی و بابەتی) بەناوی شێوازی لێکۆڵینەوە لەم بابەتەدایە، بەڵکو قبوڵکردنی ئەم باسەیە کە دەرکەوتەی مێژوویی بەهۆی پەسەندکردن و یەکێتی ئەم دولایەنە (بوون)ی وەرگرتووە.

مرۆوڤ لەو رووەوە کە مرۆڤە شوێنی بەیەکگەیشتنی ئەم دولایەنەیە، واتە ئەو هەم ئازادە و هەم (هۆکاری) بەرجەستەبوونی ئازادی، و هەر لەبەرئەمە ناچاری هەبوویەکی مێژوویی یە، ئەو بەپلەی شمەك و ئاژەڵەکان تەنیا لەکاتدا دانانرێت، بەڵکو سەردەم دەگۆڕێت بۆ شوێنی رێرەوی گۆرانکاری رەوتی ئازادی و ئاگایی.

بیروبۆچون و کردەوەکانی مرۆڤ بەژیانی ئەو و بەسروشتی ماددی کە شوێنی تێپەڕینی ئەوە، رەهەند و دروستبوونی مێژوویی و فەرهەنگی دەدا، لەم رووە مێژووی جیهان ئەبێتە مێژووی مرۆڤ و بیروبۆچون و کردەوەکانی.

مرۆڤ کامڵبونی ئەخلاق بەشێوەی چاکەی رەهاو کامڵبوونی عەقڵ بە شێوەی عەقڵی رەها وێنادەکات و باوەڕ بە خوا دێنی و خواستی ئەو بەکۆتایی جیهان دەزانی و بەپێی ئەم خواستە کەئیتر ئەوە بەهی خۆی و بەهی رۆژگاری خۆی نازانی، بەڵکو ئەوە بەشێوەی ئەبەدی و ئەزەلی وێنادەکات و دەیەوێ هەنگاوبنێت، هیگڵ لەبارەی ئەم بابەتەوە لە نمایشنامەی ئانتیکۆن بەرهەمی سۆفۆکلس[١٤]

نمونە دەهێنێتەوە : ئانتیکون دەڵی : ( فەرمانە خودایی یەکان نەهی ئەمڕۆیەو نەهی دوێنی، ئەم فەرمانانە هەمیشەیین و هیچ کەسێك دەسەلاتی ئەوەی نی یە بڵێ لەکوێوە هاتووە، یاساکانی ئەخلاقی حەقیقی بێهودە نیە، بەڵکو بێگومان مەعقولە) لەم دیدگایەوە تەنیا کەسێك بەئازاد ناوزەد دەکری کە پێویستیی خواستی ئیلاهی قبوڵ بکات، بەلاّم ئەم تێڕوانینە ئایینیە تەنیا لایەنێکی بابەتەکە ڕوون دەکاتەوە، چونکە کەماڵی خوازداوی عەقڵ لەبەرامبەر کامڵبوونی عەقڵ و دروستبوونیەتی.

ئـەخلاق کامـڵ دەبێـت و لێـرەوە مرۆڤـی ئـازاد تـەنیا مرۆڤێکـە کـە ئـیرادەی خـۆی ئەکاتـە شوێنکەوتەی یاساعەقلانیەکان، ئیرادە واتە قبوڵکردنی پێویستیەتی پێویستیەتی عەقڵ و قبـوڵکردنی ئـەم پێویستیەش واتە ئازادی ، بەڕای هیگڵ ئایین ئەو بڕوایەیەکە نەتەوەیەك خۆی بەهۆیەوە دیاری دەکات و ئەوە وەك حەقیقەتێك لەقەڵەم دەدا.

تێگەیشتنێك کە نەتەوەیەك لەبارەی خـوداوە هەیـەتی بنەماوکۆڵەکـەی یـەکێتی و نیـشتمانی بونیەتی، لەبڕوای ئایینی تاکدا، مرۆڤ ئیرادەی خۆی بەرەو نەفی کردنی خـۆی ئاراسـتەدەکات و لەکاروباری بەشیەوە بەسوودی کاروباری گشتگر و لەکاروباری کەسـیەوە بـۆ کاروبـاری گـشتی چاوپۆشی دەکات.

مرۆڤ پەنا بۆ قوربانی دان دەبات، و لەم ڕێرەوەشدا لە سوودی خۆی لـەماڵ و مـوڵکی خـۆی و تەنانەت بەواتایەکی تر لە ئیرادەی خۆی چاوپۆشی دەکات و وردبونـەوەی دەروون لـە کاروبـاری ئایینداا، بەشێوەی سۆز خۆدەنوێنی و لەگەڵ ئەوەدا کە هەندێ کـات ئـەم سـۆزە لـە رووخـسارە بالاکانـدا دەگاتــە ڕادەی بیرکردنــەوە و ئەندێــشەش، بیرکردنــەوە بەرهەرێگایــەك بێـت بــە هۆکارناوزەد دەکرێـت نـەك ئامـانج، بـەڕای هیگـڵ ئـایین یەکـەمین نمونـەی یـەکێتی فەرمانـە (خودی) و (بابەتی) یەکانە نمونەی دووەمی ئەم یەکێتی یە هونەرە کەبەڕای ئەو زیـاتر لـەئایین لەواقیعەتی فەرمانە هەستی یەکاندا ڕۆدەچی، هونەر لەشێوازە جیاوازەکانی خۆیدا نەك تـەنیا رۆح لەماددەدا بەرجەستەدەکات، بەڵکو ماددەی سروشتی دەگۆڕی بۆ رۆح.

جوانی لەبەرهەمە هونەری یەکانی رۆحدا ماددەیەکە کە بەرهـەمی هونـەری لـی دروسـتبووە، لــەجوانی پەیکــەرێکی بەردینــدا، رۆح بەردەکەیــەو جــوانی پارچــەیەك لــە مۆزیــك دا رۆح دەنگەکانەوە و لەجوانی شیعردا رۆح وشەکانە، بیرکردنەوە لەگەڵ هونەردا هاوری دەبێت، بەلام بەرەنگاری نابێتەوە.

نمونەی سێیەمی یەکێتی فەرمانی (خودی) و فـەرمانی (بابـەتی) کـە بـەڕای هیگـڵ بـەرزترین نموونەشــیەتی فەلــسەفەیە، لەفەلــسەفەدایە کــە رۆح بەشــێوەی بیرکرنــەوە دەردەکــەوێت و کامڵبوونی بیرکردنـەوە لەراسـتیدا کـامڵبوونی رۆحـە بەوشـێوەیە کـە دەسـەلاتی بیرکردنـەوە، دەسەلاتی رۆحە.

بیرکردنـەوەی فەلـسەفە لەبەدواداگـەڕانی حەقیقەتدایـە وپلـەداریی کـەماڵی ئـەویش پلـەداریی بەرجەسـتەبوونی حەقیقەتـە، واتـە بیرکردنـەوەی فەلـسەفی و هـەروەها حەقیقـەت لەپێگـەی بەکاربردنی ڕۆحدا کە خودی دەروون بوونـە گەڕانـەوە قبـوڵ دەکـات و لـەم ڕێـرەوەدا مانایـەك وەردەگرێت.

لەبەرئەم هۆیـە نـابی ئیعتبـاری بـیری فەلـسەفی بەسنورداری لـە رووی بابـەتی مەعریفییـەوە هەڵسەنگێنرێت، بەڵکو ئەبێ لـەرووی (بـوون ناسـی) ەوە لێـی بڕوانـری، چـونکە بیرکردنـەوەی رەسەنی فەلسەفی شوێنی جیابونـەوەی دیـالیکتیکی (بابـەتی مـەعریفی) و (بـوون ناسـی)یـە، لێـرەوە فەلـسەفەی مێـژوو بـەڕای هیگـڵ بـەکاربردنی شـێوازی رامـانی فەلـسەفە لـەبارەی رووداوەکـان و دەرکەوتـە مێژووییەکانـەوە نییـە، بـەڵکو لەهەمانکاتـدا دەروون مێـژوو و روبەرووبونەوە و یەکێتی ئەو دوانەیە، بیرکردنەوە لەمێژوودا بەئەنجام دەگات و مێژوولە ئاست بیرکردنەوەدا ماناوەردەگرێت.

بـەم حاڵـەوە لەلایـەکی تـرەوە ئـەبێ بزانرێـت کـە ئەگـەر مێـژوو شـوێنی گەڕانـەوەی ڕۆح و پلەداربوونی درەوشانەوەی بەرهەمەکانی ئاگایی و ئازادییە بۆیە ئەوەی کە لەلایەنی مێـژوویی یەوە بە روداوێك لە رابردوودا لەقەڵەم دەدرێت لـە لایـەنی فەلـسەفی یـەوە هـەمان رووداو وەك حاڵـەتێکی ئێـستایی دەکەوێتەبەرچـاو بـۆ فەلـسەفەهیچ شـتێك لەسـەردەمی رابـردوودا لەناونەچووە، ڕۆح و هەرجۆرە درەوشانەوەیەکی کردەیی هەیە.

ڕۆح لەسەردەمی ئێستادا هەڵگری پلەکانی پێشتری خۆیەتی و ئەوەش کە وادیارە رای بـردووە، لەگەڵ خۆی هێناویەتی و فەلـسەفەیە کـەکارایی دەبەخـشێتە رابـردووە، رابـردوو لەسـەردەمی ئێستادا دەخاتە بەردەم تێڕامانەوە، بە دەربڕینێکی سادەتر دەتـوانرێ بوترێـت کـە لـە لایـەنی فەلسەفەوە ئەوەی کە ئەمڕۆ ئاگایی و ئازادی پێـدەڵێن نـەك تـەنیا هـەڵگری پلـەکانی رەوتـی مێژووی رابردووە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤ ڕۆح وەرناگرێت و ئازاد نابێت مـەگەر ئـەوە کـە رابـردووی خـۆی لەگەڵـدابێت و کـارایی پێببەخـشێت. لـەم ڕووەوە مێـژوو لـە فەلـسەفەدا زیندوودەمێنێتەوە و بیرکردنەوەی ئەمڕۆ لەئەزموونی مێژووی خۆیـدا رەگـی دانـاوە و گرنگـی خودێتی پێدەدات.

بەرای هیگڵ مێژووی جیهان لە رۆژهەلاتەوە، بۆ رۆژئاوا دەچێت، چونکە ئاسیا دەستپێکی ئەم مێژووە و ئەوروپا کۆتاییەکەیەتی، لە رۆژهەلاتدایە کە خۆر هەلدێت و لەرۆژئاوادایە کە ئاوادەبێت، بەلام بەم ئاوابوونەوە، خۆری دەروونی کەهەمان وەستان و هەستکردن بەئازادیە دروست دەبێت.

لەمێژووی رابردووی رۆژهەلاتدا تەنیا یەك کەس بە تاکێکی ئازاد دەزانرا، لەشارستانیەتی یۆنانی و رۆمی دا چەند تاکێك و یان گروپێکی دیاریکراو بە ئازاد دەناسران و لەدونیای جێرمەنی دا هەمووان بەئازاد دادەنرێن، هیگڵ بەم تێڕوانینە تایبەتەوە کە لەمێژوو فەلسەفەکەیەوە هەیەتی هەوڵ دەدات رووداوە مێژوویی یەکانی جیهان بخەینەبەردەم خوێندنەوەوە و لە ئەنجامدا بە لەبەرچاوگرتنی حالەتی جوگرافیایی جیهان کەبە هەر رێگەیەك بێت شوێنی رووداوەکانە، بۆ مێژووی جیهان رازی بووە بە سێ خولی سەرەکی و ئەو سێ خولەش لەچواربەشدا دەخاتەژێر باسکردنەوە:

بەشی یەکەم: تایبەت دەکرێت بەمێژووی چین و هیندستان و ئێران و هەروەها مێژووی نەتەوەکانی ئاشوری و بابلی و نەتەوەکانی سامی و هەروەها مێژووی میسری کۆن.

بەشی دووەم: تایبەتە بەمێژووی یۆنان.

بەشی سێیەم: مێژووی رۆم و دەرکەوتنی مەسیحی و ئیمپراتۆری بێزەنت باس دەکرێت.

بەشی چوارەم: ناونیشانی جیهانی جێرمەنی هەیە کە تیایدا لە لایەنێکەوە لەبارەی مێژووی هەموو ولاتانی ئەوروپا رای لەسەر دەدرێت.

دروستە کەهیگڵ بەشەکان بەمەبەستی وێناکردنی تیۆرییەکەی خۆی دەخاتە بەرباسەوە، بەلام وتەکانی ئەونەك تەنیا لەلایەنی فەلسەفەی مێژووەوە بەلکو تەنانەت لەلایەنی زانستی مێژووەوە بەشێوەیەك کە ئەمڕۆ جێگەی بایەخی مێژوونوسانە لەرادەبەدەر جێگەی سەرنجە و زانیاری یەکانی، بەتایبەت شێوازی کۆکردنەوەکانی لەسەر رووداوەکان و هۆکارەکانی،بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەنوێنێت.

ئەمە نموونەیەکە لەوشتەی کەلەسەرەتای ئەم نوسراوەدا بەلایەنی ئینسکلۆپیدیای هیگڵەوە، ناونرا، هەڵبەت لەلایەنی ئێمەی ئێرانی یەوە رەنگە پێویست دەبوو کە لێرەدا لانی کەم رای

هیگڵ لەبارەی مێژووی ئێرانی کۆن و ئەوە کە ئەو لەبارەی بنەماڵەی ماد و هەخامەنشی یەکان دەڵێ و هەروەها بابەت گەلێك کە لەبارەی ئیسلامەوە نوسیویەتی. ڕێك باسبکرێت و لایەنە نەفی یەکان و ئەرێکانی بیروبۆچوونەکانی ئەو ڕەنگە لەلایەنی مێژوو و فەرهەنگی ئێرانەوە بخرێتەبەردەم هەڵسەنگاندنەوە، بەلاّم ئەم کارە لەدەرەوەی تاقەتی ئەم نوسینەیە کە ناونیشانێکی دیاری هەیە و لەشوێنێکی تردا ڕەنگە بەشێوەی سەربەخۆ گرنگی پێبدرێت.

لەکۆتاییدا ڕەنگە پێویست بەبیرهێنانەوە بێت کەئەگەر وتەکانی هیگڵ لەبارەی ڕووداوە مێژوویی یەکانی نەتەوەجیاوازەکانەوە لەرادەبەدەر فێرکەر و شیاوی تێڕامانە، بەهەرحاڵ ئیعتباری فەلسەفەی مێژووەکەی زیاتر لە فەلسفەکەی ئەو نیە، تیۆرێك کە هیگڵ لەبارەی مێژووەوە باسی دەکات بە هیچ شێوەیەك سەربەخۆ نییە لەکۆمەڵی نیزامی بیروبۆچونی ئەو لەگەڵ سست بوونی ئەم نیزامە بەشێوەیەکی سروشتی، ئەو ئەنجامانەی کە ئەو لەڕووداوە مێژوویی یەکانەوە وەری دەگرێت سست دەبن.

ڕاستە کەهەندێك بڕوایان وایە کە لەکتێبی فەلسەفەی مێژوودا وشیاری هیگڵ زیاتر لەجیاکردنەوەو شیکردنەوەی وردەکاری یەکاندا درەوشاوەتەوە تا لەبەکاربردنی بنەما گشتی یەکانی فەلسەفەکەیدا لەمێژوو و ڕوداوەکانیدا، بەلاّم بەهەرحاڵەت ناتوانرێت ئەوە لەبیربکرێت کەتەنانەت ئەو وردەکاری یانە بەمەبەستی نمونە بۆ لاکردنەوە لە تیۆرەگشتی یەکەی ئەوە.

بەچاوپۆشی لە فەلسەفەی هیگڵ و بیروبۆچونەکانی ئەو لەبارەی مێژووی جیهانەوە، روونە کە هیچ مێژوونوسێکی گەورە ناتوانی بەبێ سەرنجدان لە تیۆرێکی فەلسەفی بانگەشەی ئەوەبکات کە ڕووداوەکانی دۆزیوەتەوە و هەر بەچاو دەریبڕیون، تەنانەت مێژوونوسێك کە بە بڕوای خۆی بە ڕۆحیەتی زانستی یەوە کار دەکات و بەڵگە و دۆکۆمێنتەکانی بۆ وەرگرتنی حەقیقەتە مێژوویی یەکان دەخاتەبەردەم شیکردنەوە و ڕەخنەلێگرتنەوە دیسان ناتوانێ وەها بانگەشەیەك بکات، چونکە یەکەم ئەوشتەی کە ئەو ناوی دەنێ ڕۆحیەتی زانستی دیسان لەخۆیدا جۆرێك لەبیرکردنەوەی فەلسەفی لەجۆری دەستکەوتی ئەوە کە لەسەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا باوبووە و سەرلەنوێ ئەم ڕۆحیەتە زانستی یەش دەگۆڕێت و شێوازەکان دەگۆڕدرێن.

دووەم ئەوە کە تەنانەت مێژوونوسێك کە بەپشت بەستن بە بەڵگەو دۆکیۆمێنتی رووداوەکان بەوردی دەنوسێتەوە و لەبارەیانەوە رادەردەبڕێت، بەناچاری لەناو هەموو دۆکیۆمێنت و بەڵگە ئاشکراکاندا دەست دەداتە هەڵبژاردن.

ئەم هەڵبژاردنە روانگەی کاری مێژوونووس پیشان دەدات و چوارچێوەی شێوازی بیرکردنەوەی خۆی دیاری دەکات، لەهەر نوسینێکی مێژوویی دا بەڵگەیەك گرنگتر لە بەڵگەیەکی تر و دۆکیۆمێنتێك بڕواپێکراوتر لە دۆکیۆمێنتێکی تر دەنوێنرێت و لە ئەنجامدا لەنێوان مێژوونووساندا بەدڵنیایی یەوە جیاوازی بیروبۆچون هەیە، و جا ئەوانە ئاگاداربن یاخود نائاگا بیروبۆچونی فەلسەفی ئەوان لە نوسینەکەیاندا رەنگی داوەتەوە، کاری مێژوونوسی راستە قینە بەناچاری دەچێتە ناو فەلسەفەی مێژووەوە و ئەم بابەتەش بەبێ ئەوەی لە پێگەی کارەکەی و شێوازی میتۆدەکەی کەمبکاتەوە و مێژوونوسیش هەمیشە بە زیندویی رادەگرێت و وەك ئەوە وایە کە مرۆڤ پابەندبێت بەوەی کە لەگەڵ گۆڕانی بیری خۆی یان لەهەرشێوەیەکدا لەگەڵ گۆڕانی ئەو مێژووەدا پێویستە دیسانەوە سەرلەنوی بنوسرێتەوە.

جیاوازی هیگڵ بەلایەنی کەمەوە لەم لایەنەوە، دەکرێت ئەوەبێت کە لە پێش هەرشتێکەوە تێڕوانینی خۆی دیاری بکات، هیگڵ راشکاوانە وتوویەتی کە بەرەهایی چی تێدەگات لە مێژوو و ئەویش لەچ جۆرێك لەقەڵەمدەدات، ئەوکاتە توێژینەوە لە بەشە لاوەکیەکانی رووداوەکان دەکات.

بەم شێوەیە پێویستە بزانرێت کە لەوتەکانی هیگڵ و لە فەلسەفەی مێژووەکەی ئەودا نەك تەنیا ئەوەی زۆرێك لە بابەتەکان دەبنە جێگەی توێژینەوە و گومانکردن لێیان، بەڵکو هەندێك لەبیرۆکەکانی ئەو لەبارەی دیاردە مێژووییەکانەوە ئاڵۆز و شێواو دەردەکەون و بەمەترسیدار دێنە پێشچاو، لە نموونەی ئەوانەش ئەوەی کە بەبڕوای ئەو سەرلەبەری مێژوو بریتی یە لە گۆڕەپانی ململانێکان و ئەو جێگایانەش کە جەنگ تیایاندا روونادات بە وتەی ئەو لە پەراوێزی مێژوودا دەمێننەوە.

لەدیدگای هیگڵدا ئاشتی و ئاسودەیی هیچ کات لە دەقی مێژوودا نەبووە، ئایا بەپێچەوانەوە ناتوانرێ بڕوابکرێ کە هەوڵدان بۆ پاراستنی ئاشتی خۆی هێمایە کە بۆ دەسەڵاتی مێژووسازی

مرۆڤ؟ ئایا ناتوانرێ بوترێت کە جۆش و خرۆشی ئەو کەسانەی کە هەوڵیان داوە رێگری دورستبوونی شەڕ بکەن بەنرختر و بەرزتربووە لە چالاکی کەسانێك کە ئاگری ململانێیان هەڵگیرساندوە؟ وەلامێك کە لەبارەی ئەم بابەتانەوە لە بەرهەمەکانی هیگلدا دەتوانرێ ئەنجامگیری لێبکری زەین رازی ناکات و یان بەهەرشێوەیەك بێت ویژدانی ئەخلاقی مرۆڤ بە نیگەرانی دەهێڵێتەوە.

خاڵێکی تر کە لەوتەکانی هیگلدا مەترسیدار دێتەبەرچاو پەیامێکە کە ئەو لە هەر سەردەمێکدا بۆ نەتەوەیەکی تایبەتی داناوە و ئەم پەیامە لە دونیای نوێدا بە هی جێرمەنەکان دادەنێت، لەبارەی دەمارگیری نەتەوەیی هیگڵەوە گومانی تێدانییە و ئەو خۆشیی دانی ناوە بەم دەمارگیری یەدا، بەم روونکردنەوەیە کە هەر بڕیارێك بە ناچاری رووبەرووی مەسەلەکانی (ئێرەوئێستا)[۱۵] ی سەردەمی خۆی دەبێتەوە و فەیلەسوف بە پێویست لە هەلومەرجی مێژوویی دا بەبێ ئەوە کە سەربەخۆیی و ئازادی فیکری لێسەندرابێتەوە و لەئەنجامدا لەبەرئەوەی بیروبۆچون و وتەکانی ئەو لە کات و شوێنی خۆیدا نی یە، هەر لەبەر ئەم هۆیە پەیام و دەسەلاتێك دەدۆزێتەوە، بۆیە پابەند بەهۆکارەکانی خۆی، هیگل بیریارێکە کە (جێرمەن) نی یە مافی ئەوەی هەیە کە بابەتەکان بەشێوەیەکی تربخاتەڕوو، بەتایبەت کە بزوتنەوەی مێژوو بەرەو ئاگایی زیاتر دەڕوات و فەلسەفەی مێژووی هیگل کۆتایی ئاگایی و ئازادی نییە، بەڵکو دەتوانێ بە پلەیەك لە پلەکانی ئەو بژمێردرێت، بەهەرحاڵ رێگای لێکۆڵەرەوان بەردەوامی هەیە و ئاسۆی داهاتوو بەڕووی مرۆڤدا کراوەیە.

## پەراوێزەکان

١. دائره المعارف encyclopedistes
٢. naturalisme
٣. ontologie
٤. theologie
٥. phenomenology de l'espritn
٦. edouard gans

٧. epistemplogie

٨. herodote ( ٤٢٥ – ٤٨٤ ) ی پێش زایین.

٩. thucydide ( ٣٩٥ – ٤٦٠) ی پێش زایین.

١٠. anxagore

١١. epicures

١٢. esprit,geist

١٣. subjectivite

١٤. Sophocles

١٥. ICi et maintenant